www.kurdistannet.org
17-2-2006 10:05 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دەنگدان لەپەرلەمان و ڕێپێوانی شارەکانی کوردوستان لەبەرخاتری کێ یە ... باوکی هەڵۆ گەرمیانی

پێشەکی ئەبێ باس لەوەبکەین هۆی چی بوو لەم کاتەدا ئەو کێشەیە ڕووی دا لەدانیمارك وە هەر بەهۆی خاوەن هەلوێستی ئەوکارەوە بوو کە وا دەنگی دایەوە و لەلایەکی تریشەوە دەنگی خستە ناوو وولاتانی ئیسلامەوە کە بەربەرەکانی ئەوکارە بکرێت وەئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەو نەخشەیەی کە دارژاوە بۆ وولاتانی ئیسلامی لە (ئاسیاو ئەفریقا) بۆ ئەوەی بۆیان دەرکەوێ تاچ ڕادەیەك سەرانی ئەو وولاتانە لەگەلیانان وەئەو لایەن گیریانەی ئەکەن بەرامبەر ئاخاکانیان لە وولاتانی غیر ئیسلامیس بەراستیانە یاخود لەبەر خاتری کورسیەکانیانە. وەباشترین تاقیکردنەوە ئەکارە نارەوایەبوو کە وێنەی پێخەمبەری مەزن (دخ) بەو شێوەیە بلاو بکەنەوە، وەزۆر ئاشکراشە کە ئەوکارە بەیەك لایەنی نەکراوە بگرە چەند لایەنێك بەشدارن لەوکارە نابەجێ یە. وەلەدوای ڕووداوەکە هیچ وولاتێکی ئیسلامی یاخود هیچ پەرلەمانێك لەو وولاتانەدا ئیدانەی ئەو کارەیان بەکرد وەبەزۆر زیرەکانە هەلسو کەوتیان لەگەل کرد ئەویش بەهاندانی پیاوانی خۆیان کەبچنە ناجەماوەرەوە وەهاندانی جەماوەر بدەن دژ بەو کارە بۆئەوەی لەدوارۆژدا خۆیان و حکومەتەکانیان بەر ڕخنە نەکەون و شەری گەورە لەخۆیان لادەن بە هێرشەکانیان بۆسەر ڕژێمەکانیان بەڵام لەکوردوستان هەرچی شتێ ڕوبدات زەرەری نەبێ بۆ ئیدارەو باس لە گەندەلی نەکرێ ئیتر چی ئەبێ باببێ. وەبۆئەوەی پەرلەمانی کوردوستان چەند ڕۆژێك بێ ئیش نەبن و لەگەل ئەوەشدا پارەی دانراویان بۆسەرف ئەکرێت. وەئیستاش جەماوەر هان ئەدەن بۆ دژ بەو کارە. لە ڕاستی دا زەرەریکە بۆ ئەو هەژارانەی کەسود بەخش بوون لە یارمەتی ئەو کۆمەلانەی لەدانیمارکەوە هاتونەتە کوردوستانەوە. وەلێپرسراوان و سەرمایەداران هیچ زەرەر ناکەن. بێجگەلەوەی ناوی پەرلەمانی کوردوستان ئەخرێتە پال ناوی ئەکەسانەیلەهەندێ وولات گیرە شیویان ناو ئەبەن. وەداواکارین لە پەرلەمان تاران لەبەر خاتری مووچەو بەخشیش وورد بین بن لەدەنگ دان دااااا.